ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# زنجیرەی گەڕانەوە بۆ ئیسلام

باوكی محمد

١٤٢٥/١١/١١ كۆچی- ٢٠٠٤/١٢/٢٢ زاینی

( ١ )

زۆرن ئەوانەی كە ئەگەڕێنەوە بۆ بۆ باوەشی ئیسلام، هەریەكێك چیرۆكێكی خۆی هەیەو لە ئەنجامی گەشتی ژیانی پڕ مەینەت و دڵەڕاوكەیی دودڵیدا بڕیاری یەكجارەكی خۆی داوە، خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی دەرگای تەوبەو پەشیمانی هەمیشە كردۆتەوەو بۆ تاوانباران و گوناهكاران و ئەوانەی كە بڕیار ئەدەن بچنە ناو باوەشی ئیسلام لە بەختەوەری و كامەرانی ئیسلام ژیانیان ئاویشتە بكەن .

ئەمرۆ جیهانی پڕ مەینەت و دەردی سەری ماددی مرۆڤەكانی چەواشە كردووە، هەست و ڕۆح گیانی لیٚ سەندوون، نازانن بەرەو كوێ هەنگاو ئەنێن و چارەنوسیان چیە، مرۆڤ وەك لاشەیەكی بیٚ گیانی لیٚ هاتووە لەم جیهانی هەستیەداو پێداویستیەكانی ڕۆحی لیٚ وون بووە، بۆتە ئامێرێك و لە خزمەتی داواكاریەكانی لاشەیایەتی و بەس .

ئەم هەموو خۆكوژی و ئینتحارە لەم بەهەشتی دنیایەدا ( ئەوروپا ) مانای چیە!!، ئەم هەموو تلیاك و حەشیش و هیرۆینە مانای چیە ! گەنج و لاو كە سەرمایەی هەموو میلەتێكن لەم ئەوروپایەدا زۆربەی هەرەزۆریان سەرخۆش و بیٚ مەبەستن لەم دنیایەدا، ئەم هەموو دڵە ڕاوكیٚ و بێزاریە جی ئەگەیەنێت ! مانای چیە پیاو مێردەكەی پیاوێكی تری وەك خۆی بێت ؟! ژنیش یان بە دوای ژنێكی تردا بگەڕیٚ، یان توتەڵە سەگێك بەخێوبكات و بە شەویش لە گەڵیدا بخەوێت، ئەوروپا لە داهاتوودا ئەوەندەی سەگی تیا ئەبێت ڕەنگە ئەوەندە منالی تیا نەبێت، ئێستە لە ئەوروپادا بە شێوەیەكی زۆر ترسناك زینای خزم و نزیكەكان پەرەی سەندووە، هەزارەها باوك لە گەلٚ كچی خۆی و دایك لە گەلٚ كوڕی خۆی و خوشك و برا بە یەكەوە كاری جنسی و فاحیشە ئەكەن بە یەكەوە، باشە ئەمە ئەگەر كۆتا پلەی داڕمانی شارستانی و ڕۆحی ئینسان نەبێت چی ئەگەیەنێت ؟! دایكێك كوڕەكەی خۆی بە خێو كردووە بەلاٌم لە گەڵ ٚی ئەخەوێت !! بە ڕاستی ژیانی ماددی ڕووتی بیٚ گیان بە پشتا مرۆڤ ئەدا بە زەویداو هەڵسانەوەی نیە تاكو تەكانی ڕۆح هەڵی نەسێنێتەوە .

تەنها ئیسلامە كە مرۆڤ بە ڕاستی و تەواوی خۆی تیا ببینێتەوە، تەنها ئیسلامە ئەزانێت پێویستیەكانی ڕۆحی ئینسان چیەو لە چ ڕویەكەوە چارەسەری ئەكات، پرسیارە نەمرەكانی مرۆڤ- لەكوێوەو بۆچی و بۆكوێ ئەڕوم- تەنها لە ئیسلامدا وەلاٌمیان وەرئەگیرێتەوە .

چون هەموو كەسێك بە خوارسك و فیترەیەك كە لە سەری دروست بووە بەندەیەو ئەگەڕیٚ بە دوای پەروەردگارەكەیدا، هەركاتێك مرۆڤ بە ڕاستی گەڕا بە دوای ڕێگەی ڕاستدا ئەوە بیٚ گومان ئەیدۆزێتەوەو بە ختەوەر ئەبێت . چونكە گەڕان بە دوای بەختەوەری و خۆشنودەیی ڕاستەقینەدا ونبووی هەموو كەسێكە لەم جیهانەدا، جا لە هیچ بیرۆكەو پرۆگرامێكی تردا بە ڕاستی هەستی پیٚ ناكرێت لەم دینەدا نەبێت، بۆیە خەڵكانێكی زۆر كاتێك كە ئەگەڕێن بە دوای چاووگی بەختەوەری و كامەرانی هەمیشەییدا لە ئیسلامدا خۆیان دەبیننەوە .

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

لێرەدا چیرۆکی یەك دووانێك لەوانەی کە دوای ژیانێکی مەینەتی و بێ زاری بە نوری ئیسلام ئاشنا بوون ئەخەینە بەر چاوی خوێنەران تاکو بزانین کە ئیسلام گەورەترین پاڵپشتی مرۆڤە کاتێك کە بێزاری و دڵەڕاوکێ و ئێش و ژان و ئازارە دەرونیەکانی سەری دنیای لێ دێننەوە یەك .

بە ڕاستی باوەڕداری ڕاستەقینە بەختەوەرترین مرۆڤە لەم سەرزەویەدا، دەستپاك و دڵپاك، دەست و زمان پارێزراوو، ئەزانێ بۆچی هاتۆتە ئەم دنیایەو چ کارو گرنگیەکی پێ سپێردراوەو بەرەو کوێش گەشتی ژیانی کۆتایی دێت، بۆیە یەکێك لە خواناسەکان دەڵێت : بە ڕاستی ئەگەر پاشاو دەسەڵاتدارەکان بیانزانیایە چ خۆشی و بەختەوەریەك لە دەروونماندا هەیە ئەوە بە چەقۆ دڵیان لەت ئەکردین تاکو تۆزێکمان لێ بسەنن .

گەورەترین ناڕەحەتی و بێزاری ژیان دڵڕاوکێی دەروون و ترس و بیمە لە داهاتوو، هەست نەکردنە بە خۆشی ژیان،، کە بە هیچ شێوەیەك شارستانێتی ماددی لە گەڵ ئەو هەموو بریق و باقەدا ناتوانێت بیبەخشێت، بۆیە ڕێژەی خۆکوژەکانی ئەوروپا لە هەموو ئەم دنیایە زیاترە لە گەڵ ئەوەشدا لەوانەی کە خۆیان دەکوژن هەیانە ملیۆنێرە !

فەرموون ئێوەو چیرۆکی چەند کەسێك کە پاش بێ هیوایەکی زۆر خۆیان لە ئیسلام و بەختەوەری ئەم دینەدا بینیوەتەوە . ( ئەمانە لە پێگەی ئیسلام ئۆن لاین ) وەرگیراون .

## تقوى سيف الحق ٢٠٠٤/١٠/١٤

من کچێکی یابانیم لە بیستەکانی تەمەنمدام، بە پێوەرەکانی جوانی یەکێك بووم لە هەرە کچەجوانەکانی کە سەری گەنجانم توشی ئێش ئازار ئەکرد بە جوانیەکەم، وام ئەزانی کە ئەو جوانیە بەختەوەریم پێ ئەبەخشێت و ژیانێکی خۆشنودەم بۆ بەرهەم دێنێت، نەمزانی کە ئەبێتە مایەی دڵەڕاوکێ و دەستدرێژیکردن بۆم و ئیغتیساب کردنم لە لایەن کەنجانەوە .

لە پانزە ساڵیمەوە توشی تەنگ و چەڵەمەو دەستدرێژکردن بووم لە لایەن کوڕانەوە، وە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ئیغتیساب کرام و بە شێوەیەکی دڕندانە کاری جنسیم لە گەڵدا کرا، لە دەرەنجامدا توشی نەخۆشی نەفسی بووم، ڕووم کردە تەندروستیخانەکان تاکو ئازاری لاشەو دەرونم تیمار بکەم، بەڵام دوای چاك بوونەوەم بە مانگێك دووبارە توشی ئیغتساب هاتمەوەو ئیتر بە بەردەوامی بوبوومە جێی دەستدرێژکردنی کوڕان و پیاوان .

دەرونم زۆر ئازاری ئەدام، نەمئەزانی چی بکەم، بێزار بوبووم لە ژیانم، بەو گەنجیە نەمئەزانی تامی ژیانی بەختەوەری چیە، ترس و بیمم تەنها لەوە بوو کە بە زۆر یان بە فریودانی پیاوان هەڵنەخەڵەتێم، بەڵام بێ سوود بوو ، نەمئەزانی بۆ کوێ بچم . بچم بۆ کەنیسە ؟ من ڕائەکەم لە ئافرەتە گۆشەنشینەکانی کەنیسەو ئەمەوێت لەززەت لەم ژیانە وەرگرم نەك گۆشەنشین بژیم . ئەمەوێت ببم بە دایك . هاوسەرێکم هەبێت کە جێگەی دلخۆشیم بێ و لە یەکترمان خۆش بوێت . بۆ کوێ بچم ؟ چی بکەم ؟ بڕیارم دا قژە درێژە جوانەکەم هەمووی بتاشم ، بەڵام سوودی نەبوو، بێ زاری هەموو ژیانمی داگرتووە . بێ هیوابووم لەم ژیانە . ڕقم لە هەموو پیاوێك دەبێتەوە . هەموویان مەبەستیان ڕابواردنە پێم و هیچی تر . ئەم پرسیارانە بیرکردنەوەمی داگیرکردبوو لە خولیای تروسکەی هیوایەکدا بوم تاکو بینیم .

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

جوان و ڕێك و پێك بوو، له هه‌مان شوێن كه من شتم لێ ده‌كڕی بینیم، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كه جێی سه‌رنج بووخه‌ڵك لێی وورد نه‌ئه‌بونه‌وه‌و سه‌یریان نه‌ئه‌كرد وه‌ك سه‌یری منیان ئه‌كرد . ئه‌م ئافره‌ته چیه ؟ نهێنی ئه‌م جوانیه چیه ؟ له یه‌ك كاتدا داپۆشراویشه‌و له به‌رچاویشه . بێ گومان هه‌مووی ئه‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌و جل و به‌رگه‌ی له به‌ریایه‌تی، عه‌بایه‌كی درێژ تا خواره‌وه، له‌چكه‌یه‌كی له سه‌ردایه‌و قژوسه‌ری داپۆشیوه، ڕێزۆ كه‌سایه‌تی به‌رز له گه‌ڵ ڕێك و پێكیه‌كه‌یدا تێكه‌ڵاو بووه، تۆ بڵێی : ڕاهیبه‌ی كه‌نیسه‌كان نه‌بێت ؟ نا : ئه‌وه نیه منالێكی جوانی بچكۆلانه‌ی له گه‌ڵدایه، ئافره‌تانی كه‌نیسه منالیان نابێت چونكه شوو ناكه‌ن، ئیتر به بێ هیچ بیركردنه‌وه‌یه‌كی تر بڕیارم دا كه خۆم داپۆشم و هه‌مان جل و به‌رگی ئه‌و ژنه بكه‌مه به‌رم . بێ ئه‌وه‌ی هیچ بزانم كه هۆی له به‌ركرنی ئه‌م جله چیه. به‌ڵام ده‌رئه‌نجامێكی سه‌یر . ئه‌ڕۆشتم به ڕێگه‌دا هه‌موو گیانم دڵنیای و باوه‌ڕبه‌خۆ بوون بوو، كه‌س سه‌یری نه‌ئه‌كردم و چاوباشقه‌ڵه‌ی له گه‌ڵ نه‌ئه‌كردم . به پێچه‌وانه‌وه ڕێزیشیان ئه‌گرتم .ئیتر كه‌وتمه پرسیار كرد له ده‌روونی خۆم . ئه‌م ژنه بۆ ئه‌م جل و به‌رگه‌ی له به‌ره ؟ چی پاڵی پێوه ناوه ؟ وه‌ڵامێكم پێ نه‌بوو . بڕیارم دا كه هه‌رچۆنێك بێت بیبینمه‌وه كۆمه‌ڵێ پرسیاری لێ بكه‌م . به‌م شێوه‌یه هه‌موو ڕۆژێك ئه‌چوومه ئه‌و شوێنه‌وه چاوه‌ڕێم ئه‌كرد به‌ڵكو بێت، ده ڕۆژ به‌و شێوه‌یه بووم تاكو ڕۆژی یانزه‌یه‌م بینیم له‌وێدا بێ ئه‌وه‌ی ویستی خۆمی له سه‌ر بێت هاوارم كرد ئه‌وه ئه‌وه !!كاتێك كه بینیم و به‌و شێوه‌یه هاوارم كرد خه‌ڵكی وایان زانی توشی شتێك بوبێتم، زۆر به دڵخۆشیه‌وه چومه به‌ره‌وڕووی ئه‌ویش به‌و شێوه‌یه هات به‌ره‌و ڕووم . خۆم پێ ناساندوو چیرۆكی ژیانی خۆمم بۆ باس كرد له سه‌ره‌تاوه، ئینجا پرسیارم لێ كرد چی وای لێ كردویت كه ئاوا خۆت داپۆشیت ؟ خۆم ئه‌و وه‌ڵامه‌م دانابوو كه بڵێت : له به‌ر ئه‌وه‌ی كه خه‌ڵكی زۆر سه‌یرم نه‌كه‌ن و پارێزراو بم له ده‌ستدرێژیكردنی خه‌ڵكان و نارِه‌حه‌تكرنم ، به‌ڵام وه‌ڵامه‌كه‌ی ئه‌وه نه‌بوو . وه‌ڵامێكی دامه‌وه كه هه‌رگیز چاوه‌ڕێی نه‌بووم . ووتی : ئه‌م فه‌رمانی خوایه!! ئیتر له بیرمدا زۆر پرسیار دروست بوون . خوا كێیه ؟ ئه‌و كتێبه چیه كه باسی ئه‌كه‌یت ؟ محمد كێیه ؟ وه به‌رده‌وام ئه‌یووت كه‌ئه‌مه ئیسلام فه‌رمانی پێ داووم . باشه ئه‌ی ئیسلام چیه ؟ هه‌موو قسه‌كانی تازه بوون و له ژیانمدا هیچیانم نه‌بیستبوو. وه‌ك قوتابیه‌ك كه له شتێكدا ئیمتحان بدات به‌ڵام هیچی لێ نه‌زانێت و چاره‌نوسیشی به‌ند بێت به ده‌رئه‌نجامی تاقیكردنه‌وه‌كه‌ی . ئیتر بریارم دا كه ئه‌بێت بزانم ئه‌م دینه چیه . هه‌وڵ و شه‌ونخونیم كرد له ئینترنیتدا تاكو به ته‌واوی تێ گه‌شتم. زانیم ئیسلام چیه . پێغه‌مبه‌ری ئیسلامم ناسی . قورئانم ناسی . به‌ڵام نازانم قورئان بخوێنمه‌وه وه هه‌ر ده‌بێت شاره‌زا ببم له‌م قورئانه. له به‌ر ئه‌وه گه‌ڕام تاكو قورئانێكم دۆزیه‌وه له یه‌كێك له كتێبخانه‌كادا كه وه‌رگێڕدرابووه سه‌ر زمانی یابانی. هاتمه‌وه ماڵه‌وه‌و یه‌كسه‌ر ده‌ستم كرد به خوێندنه‌وه‌ی. ئاگام له خۆم نه‌ما به قوڵایی ماناكانی قورئاندا چومه خواره‌وه . به‌رده‌وام بووم تا ڕۆژی دوایی . ئه‌م كتێبه چیه ؟ تاكو ئێسته شتی وام نه‌خوێندۆته‌وه . له گه‌ڵ هه‌ست و سۆزو ویژدان و ده‌روونمدا ئه‌دوێت ، ڕام ئه‌كێشتێ به‌ره‌و خۆی ، هه‌ست ئه‌كه‌م له دنیایه‌كی تردا ئه‌ژیم ، دنیای ئارامی و به‌خته‌وه‌ری و ئاسووده‌یی ، ئه‌وه شه‌وه خه‌وم پیا نه‌كه‌وت . ڕۆژی دوایی به‌ره‌و دوكانه‌كه ڕۆشتمه‌وه كه پێشتر مه‌وعدێكمان دانابوو له گه‌ڵ ئه‌و ژنه‌دا . نه‌مزانی كه دوو سه‌عات پێش كاته‌كه من ئاماده بووم له‌وێ . ئیتر تا ئه‌و هات به‌رده‌وام له گه‌ڵ خۆێندنه‌وه‌ی قورئاندا ئه‌ژیام . ووشه جوان و پڕماناكانی دڵی داگیركردبووم . هه‌ستم نه‌كرد كه‌وا به‌و شێوه‌یه كاتم زوو لێ ڕۆیشت تاكو براده‌ره‌كه‌م هات . دوای سه‌لام و هه‌واڵپرسی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

یەکتری هەرچی پرسیارێکم لا کۆ بوبۆوە لێیم کردوو ئەویش بە پێی توانای خۆی وەڵامی دامەوە . داوام لێ کرد کە بە یەکێکم بناسێنی کە شارەزایی تەواوی هەبێت و زۆر بە ڕوونی بتوانێت وەڵامم بداتەوە . وام دانابوو کە ئێستە بە کاهینێکم ئەناسێنێ لە " کەنیسەی ئیسلامی " چونکە تا ئەو کاتە مزگەوت و شارەزایی دین لە مێشکمدا نەبوو نەمئەزانی . بەلاّم بە پێچەوانەوە بوو . گەنجێکی ڕێك و پێك بوو بە ئەدەب و ڕێزو ویقارەوە بوو . کاتێك ویستم تەوقەی لە گەلْ بکەم بە ڕێزەوە داوای لێ بوردنی کردوو ووتی ببورە ئاینەکەمان ڕێگە نادات نامەحرەم لاشەیان لە یەکتری بکەوێت . ئیتر لەو کاتەدا بۆ چەند کاتێکی کەم وێنەی گەنجەکانی ترم هاتەوە یاد کە چۆن هەموو ئاواتێکیان ڕابواردن بوو لە گەڵمدا و ئەم گەنجەش چەند بە ڕێزو بە حورەمەتەوە گوێم لێ ئەگرێت و وەلاّمم ئەداتەوە . ئەوان چۆن سوچ و کۆلاّنەکانیان لێ ئەگرتم ئەمیش چۆن ئامادە نیە تەوقەیشم لە گەلْ بکات چونکە مەحرەم نین بە یەکتر . ئیتر زانیم کە ئەم ئیسلامە بە ڕاستی چاکترین پەروەردەکەرە . ئیترلە ماوەی چەند سەعاتێکدا هەرچی پرسیاریکم هەبوو هەمووی بە جوانی و بە ڕێزەوە وەلاّم دایەوە . ئیتر زۆر پێی سەرسوڕماوو بووم . پێش ئەوەی بڕۆم ووتم : من چی بکەم بۆ ئەوەی بێمە ناو ئیسلامەوە . کە وام ووت خۆشیەکی ئیجگار گەورە دایگرت و ئاگاداری هەموو ئەو شتانەی کردم کە پێویستن لە سەرم . ئیتر شەهادەتم هێناو لە گەلْ هاوڕێکەمدا هاتینە دەرەوە . ئابەو شێوەیە من خۆم لە دەریای نوقم بووی بێ زاری و وون بوندا دۆزیەوەو گەورەترین بە ختەوریم بە نسیب بوو لەم دنیایەدا کە ناسینی ئیسلام بوو . ئێستە دوای ئەوەی کە بەشێکی تەمەنی لاویم لە نەفامی و بێ مەبەستیدا بە سەر برد گەورەیی و چێژی ئیسلامم زۆر چاك بۆ ڕوون بۆتەوە کە چۆن ئەبێتە قەلاّیەکی پۆلاّیی بۆ پاراستی مرۆڤ لە هەموو کارێکی دزێوو خراپەکاریەك .

ئەمە چیرۆکی سەدان و هەزاران لەو ئافرەتانەیە کە بە دوای حەقیقەت و ڕاستیدا ئەگەڕێن، ئەمڕۆ شارستانیەتی ماددی ئافرەت تەنها وەك کالاّیەکی ڕووتی جنسی بە کار دەهێنێت بێ گوێدانە بەها بەرزەکانی، ڕۆژ بە دوای ڕۆژ گەورەیی و ڕاستەقینەی ئەم دینە زیاتر بۆ خەڵکی دەرئەکەوێت و دەبنە موسڵمان .

---

ئالقەی داهاتوو : موسڵمان بوونی ژنە ڕۆژنامەنوسی بەریتانی " ڕیفون ایدلی " چاوەڕوان بن .